# خەباتی نەتەوەیی کورد لە دیدی رۆژنامەی(ئازادی)دا ١٩٥٩

ID No.2573

(PP 72 - 84)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.3.5

**فەرەیدون عبدالرحیم عبدالله**

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

faraydoon.abdullah@su.edu.krd

**سامان حسین ئەحمەد**

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی

saman.abdullah@uvivsul.edu.iq

**وەگـــــــرتن : 2019/01/03**

**پەسندکردن : 2019/03/07**

**بڵاوکردنەوە : 2019/06/20**

**پوختە**

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14 ی تەموزی ساڵی 1958، بۆ یەکەمجار لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق مۆڵەتی دەرکردنی رۆژنامەی ئازادی وەرگرت و لە یەکی ئایاری ساڵی 1959دا یەکەمین ژمارەی بە ئاشکرا دەرچوو تا کۆتایی ساڵی 1961 بەردەوام بوو، کە لەم ماوەیەی دەرچووونیدا بابەتی زۆری لە بارەی ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا یەکێك لەو بابەتانەی بایەخی بەرچاوی پێداوە خەباتی نەتەوەیی کورد بووە، چەندین بابەتیان لە ژمارە جیاوازەکانیدا دەربارەی بۆچونیان سەبارەت بەم پرسە و هاوکات مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد وچەند لایەنێکی دیکە بڵاو کردۆتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمی کە بە ناونیشانی (سەرەتایەک دەربارەی رۆژنامەی ئازادی) ەوەیە و تایبەتە بە قسەکردن لەسەر دەرکەوتنی ئەم رۆژنامەیە قۆناغەکانی گەشەکردنی، تەوەرەی دووەمیش(خەباتی نەتەویی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا) تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لە سەر بۆچوونی ئەم رۆژنامەیە دەربارەی خەباتی نەتەوەیی کورد، تەوەرەی سێیەمیش بە ناونیشانی (مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا) تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی وئەو بابەتانەی دەربارەی مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد بڵاویکردۆتەوە، لە تەوەرەی چوارەمیشدا بەناونیشانی (هەڵوێستی ئازادی بەرانبەر خەباتی نەتەوەیی کورد لە ماوەی ساڵی ١٩٥٩ دا)، قسە کراوە لەسەر هەڵویستی ئەم رۆژنامەیە بەرانبەر خەباتی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1959 و پەیوەندییەکانی کورد لە گەڵ حکومەت وپارتەکاندا، تەوەرەی پێنجەم وکۆتاییش تایبەتە بە قسەکردن لەسەر تێڕوانینی ئەم رۆژنامەیە دەربارەی خەباتی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا.

تێروانینی رۆژنامەی ئازادی بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد، رەنگدانەوەی تێروانینی حیزبی شیوعی عێراق بووە بۆ پرسی کورد ، کە دانیان ناوە بەو خەباتە، بەڵام لە چوارچێوەی خەباتی گەلانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دا دابەشکراوە ، لە کوردستانی باشووردا هانی برایەتی کورد و عەرەبی داوە کە پێیوابووە خەباتیش دەبێ هەر لەو چوارچێوەیەدا بێت. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا لە دیدگایەکی سیاسی و ئایدۆلۆجییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی بلۆکی سۆسیالست، لەو پرسەی روانیوە.

## پێشەکی

لە دوای سەرکەوتنی شورشی 14 ی تەموزی ساڵی 1958، بۆ یەکەمجار لقی کوردی حیزبی شیوعی مۆڵەتی دەرکردنی رۆژنامەی ئازادی بە ئاشکرای وەرگرت و لە 1ی ئایاری 1959 دا یەکەم ژمارەی دەرچوو تا کۆتایی ساڵی 1961 بەردەوام بوو، کە لەو ماوەیەی دەرچوونیدا بابەتی زۆری لە بارەی ژیانی ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەوە نووسیوە و لەم نێوەندەشدا یەکێك لەو بابەتانەی بایەخی بەرچاوی پێداوە خەباتی نەتەوەیی کورد بووە، چەندین بابەتیان لە ژمارە جیاوازەکانیدا دەربارەی بۆچونیان لە بارەی ئەم پرسە وهاوکات مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد و چەند لایەنێکی دیکە بڵاو کردۆتەوە، بەڵام تائێستا ئەم لایەنە لە توێژینەوە مێژووییەکانی کوردستاندا وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوە وکاری لە سەر ئەنجام نەدراوە، هەرلەم سۆنگەیەشەوە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە وەك ناونیشانی کارەکەمان لە بارەی دیدی رۆژنامەی ئازادی لە مەڕ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ژمارەکانی ساڵی 1959 دا، کە تیایدا هەوڵدەدین تیشکێکی زانستییانە بخەینە سەر ئەم لایەنە و ئەکادیمیانە لێی بکۆڵینەوە.

هەرچەند ئەم رۆژنامەیە تا کۆتاییەکانی ساڵی 1961 بەردەوام بووە، بەڵام لەبەرئەوەی دەستخستنی سەرجەمی ژمارەکانی هەردوو ساڵی 1960 و 1961 کارێکی ئاسان نەبوو لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بە وەرگرتنی سەرجەم ژمارەکان کارەکە زۆر درێژەی دەکیشا کە بۆ توێژینەوەیەکی لەم جۆرە زۆر دەبوو، بۆیە تەنها کارمان لە سەر ژمارەکانی 1959 کردووە بەو هیوایەی ئەم کارە ببێتەی سەرەتایەك بۆکاری دیکەی هاوشێوە.

توێژینەوەکەمان لە پێنچ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمی بە ناونیشانی (سەرەتایەک دەربارەی رۆژنامەی ئازادی) ەوەیە و تایبەتە بە قسەکردن لە سەر دەرکەوتنی ئەم رۆژنامەیە و قۆناغەکانی دەرچوونی، تەوەرەی دووەمیش(خەباتی نەتەوەیی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا) تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لە سەر بۆچوونی ئەم رۆژنامەیە لە سەر خەباتی نەتەوەیی کورد، تەوەرەی سێیەمیش بە ناونیشانی (مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا) تەرخانکراوە بۆ خستنەرووی تێروانینی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد وئەو بابەتانەی دەربارەی مێژووی ئەم لایەنە بڵاویکردۆتەوە، لە تەوەرەی چوارەمیشدا بەناونیشانی (هەڵوێستی ئازادی بەرانبەر خەباتی نەتەوەیی کورد لە ساڵی ۱۹۵۹ دا ) قسە کراوە لەسەر هەڵویستی ئەم رۆژنامەیە بەرانبەر خەباتی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1959 و پێوەندییەکانی کورد لە گەڵ حکومەت وپارتەکاندا، تەوەرەی پێنجەمیش تایبەتە بە تێروانینی ئەم رۆژنامەیە دەربارەی خەباتی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە جگە لە رۆژنامەی ئازادی کە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی پێ بەستراوە، ژمارەیەك سەرچاوەی دیکەش بەکارهێنراون وەك: بەرگی یەکەمی(بەشێك لە یاداشتەکانم)ی عیزەدین مستەفا رەسوڵ، کە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی نووسەر لە رۆژنامەکەدا کاری کردووە و ئاگاداری مێژوو و چۆنییەتی دەرکردنی رۆژنامەکە بووە، هەروەها (بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام)یش بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە پشتی پێ بەستراوە. ئیدی ئەمانە و ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە بەکارهێنراون کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا، پشتی بەستووە بە میتۆدی شیکاری و ڕەخنە و گێرانەوە، بەمەش توانیویەتی ئەنجامێك بدات بە دەستەوە.

**1. سەرەتایەک دەربارەی رۆژنامەی ئازادی**

حیزبی شیوعی عێراق یەکێك بووە لەو پارتە سیاسیانەی کە رۆڵێکی کاریگەری لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و باشووری کوردستاندا گێراوە، هەمیشە بۆچوون و تێروانینی تایبەتیشی بەرانبەر مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو جووڵانەوە رزگاریخوازەکەی هەبووە. ئەو حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە 31ی مارتی 1934 دا، لەو راستیە گەیشتبوو کە ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرینگیان دەبێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازو بیروباوەڕی حیزبەکە و گەیاندنی پەیامەکەیان بە جەماوەر(دەباغ، 2000، ل58).گرێدانی یەکەمین کۆنفراسی حیزبی شیوعی عێراق لە شوباتی 1944دا و پاشانیش گرێدانی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی لە شوباتی 1945دا، بە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە مێژووی ئەو حیزبە دادەنرێن. دوای کۆنگرەش لقی کوردی ئەو حیزبە دامەزرا، دیارە ئەوەش بەپێی بەندی (27)ی پەیرەوی ناوخۆی حیزبی شیوعی عێراق بووە، کە بە لەبەرچاوگرتنی باری جیاوازی زمان و ژینگە و باری جوگرافی کورد، ئەو لقە دامەزرێنراوە و هەر بەپێی هەمان بەندیش ئەو لقە مافی دەرکردنی ڕۆژنامەی زمانحاڵی خۆی هەبووە (فەهد، ٢٠٠١، ل 135). لە دوای ئەو پەرەسەندنانەشەوە ئیدی زەمینەی دەرچوونی رۆژنامەی (ئازادی) ڕەخسا، وەك زمانحاڵی لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق.

سەبارەت بە ساڵی دەرچوونی ژمارەی (1) ی ئەو ڕۆژنامەیە، راو بۆچوونی جیاواز لە ئارادان. ژمارەیەکیان بۆچوونیان وایە کە ساڵی 1945یەکەمین ژمارەی ئەو رۆژنامەیە دەرچوویێت (دەباغ، 2000:ل 58-59؛ رێگای کوردستان، ژ501، 6ی ئایاری 2002؛ رێگای کوردستان، ژ503، 20ی ئایاری، 2002؛(مەلا حەسەن)، 2005 ، ل25 ؛ ئەمین، 2004،ب3، ل115 ؛ خەزنەدار، 2011، ل 46)، کەچی ژمارەیەکی دیکە پێیانوایە کە ئەو رۆژنامەیە یەکەمین ژمارەی لە ساڵی 1944 دەرچووە (رەسوڵ، 2006، ب1، ل72؛ بیری نوێ ، ژ 304 ، ئەیلولی 1978 ؛ ساڵح، 2008، ل 110و 114؛ جباری، 1975، ص 84؛ الخرسان، 2001، ص 222؛ رێگای کوردستان، ژ502، 13ی ئایاری 2002؛ عمر، 2004، ص106؛ عبدالرضا، 1970، ص 76؛ ساڵح، 2005، ل178-179؛ ساڵح، 2008، ل 110و 114)، بەڵام لەبەرئەوەی کە ژمارەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە بەردەست نیە، بۆیە ئەم پرسە وا ئاسان یەکلا نابێتەوە.

ئەو رۆژنامەیە بە پێشنیاری سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق (یوسف سەلمان یوسف / فەهد) دەرچووە (رەسول، 2006، ل73) و مەلا شەریف[1] کە کوردێکی شاری هەولێر بووە، تاکە کوردیش بووە ، لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عێراق کە لە ساڵی 1945 دا

بەسترا، بەشداربووە و بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق، دواتریش بە راسپاردەی فەهد کراوە بە بەڕێوەبەری ئەو ڕۆژنامەیە (مەلا حەسەن، 2005، ل 25).

ڕۆژنامەی ئازادی یەکێك بووە لەو ڕۆژنامانەی کە بە نهێنی دەرچووە، هەربۆیە تا ئێستاش هەموو ژمارەکانی نەکەوتۆتە بەردەست (ئەمین، 2004، ل 123)، هەروەها تارادەیەکی زۆر بەناڕێکی دەرکراوە تا دوای گرێدانی کۆنفراسی دووەمی حیزبی شیوعی لە سالی 1956دا و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێی حیزب و چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشە ناوخۆییەکانی، ئیدی (ئازادی)، هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش چوو و چەند ژمارەیەکی رێك و پێکتری لێ دەرچوو، بە تایبەت لە سالی 1957دا، کە هەر بە نهێنی و بە ناوی (ئازادی کوردستان)[2] لە شاری کەرکووك دەردەچوو، بەڵام دواتر دیسان ناوەکەی کرایەوە بە (ئازادی)، ئەویش بە هۆی کێشە ئایدۆلۆجییەکانی نێو حیزبی شیوعییەوە بووە، بەم شێوەیە بە نهێنی تا 14ی تەمووزی 1958 درێژەی کێشا(دەباغ، 2000، ل 60).

دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری رژێمی کۆماریی لە 14ی تەموزی 1958دا، بارودۆخی رۆژنامەگەریی لە عێراقدا پێینایە قۆناغێکی نوێوە، هەر لەو ساڵەدا چەندین رۆژنامەو گۆڤار بە جیاوازی ئاراستە و بۆچوونیانەوە دەرچوون(بطي، 1970، ص 17 وبعدها). لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراقیش ئەو بارودۆخەی قۆستەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دەرکردنی رۆژنامەی ئازادی بە ئاشکرا، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵەکانیان خستەگەڕ و لە مانگی نیسانی 1959دا مۆڵەتەکە وەرگیرا(رەسوڵ، 2006، ل 79-80).

لە 1ی ئایاری 1959 دا یەکەمین ژمارەی (ئازادی) بە ئاشکرا دەرچوو. لە سەرەتادا لە شاری کەرکوك دوازدە ژمارەی لێ دەرچوو، پاشان گواسترایەوە شاری بەغدا کە توانای هونەری زیاتری تێدابوو. لە سەرەتای دەرچوونیشیەوە نافیع یونس سەرنووسەری بووە(دەباغ، 2000، ل60)، ئیدی تاکۆتاییەکانی ساڵی 1961 ئەم رۆژنامەیە بەردەوام بوو، کە لە میانەی ئەو ماوەیەی کارکردنیدا بابەتی زۆری دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کورد نووسیوە، هەروەها بایەخی زۆری بە خەباتی نەتەوەیی کورد داوە.

**2. خەباتی نەتەوەیی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا**

ئەگەرچی ئەم رۆژنامەیە وەك باسکرا زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراق بووە، کە حیزبێکی مارکسی لینینی بووە و باوەڕیان بە خەباتی چینایەتی سەرتاسەری بووە واتا پارتێکی نێونەتەوەیی بوون، بەڵام هەروەك خۆیان لە بابەتێکدا ئاماژەیان پێکردووە ئەوان باوەڕیان بە نیشتیمان و نەتەوە هەبووە و کۆمەنیست بوون و باوەڕبوونیان بەخەباتی نێونەتەوەیی وایان لێناکات هەستی نیشتیمانیی و نەتەوەیی پشتگوێ بخەن، لەم رووەشەوە لە بابەتێکدا کە لە گۆشەی بیروباوەڕی مارکسی دا، بە ناونیشانی (نیشتیمانپەروەری وئومەمیەت)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بۆچونەکانی دیمترۆف خراونەتە روو کە زۆر بە روونی ئاماژە بەم تێڕوانینە دەکات و دەڵێت:ئێمە کە شیوعین، دوژمنی سەرسەختی نەتەوایەتی کوێرانەین، کە سروشتی بۆرجوازییە، بەڵام لایەنگری ئەوەش نین کە خۆمان بە بێ نەتەوە ونیشتیمان دابنێین و هەرگیزنابێ. پەروەردەکردنی کرێکاران وزەحمەتکێشان بە گیانی برایەتی هەموو کرێکارانی جیهان یەکێکە لە ئەرکە گەورەکانی سەرشانی هەمو حیزبێکی شیوعی، بەڵام ئەوەی وابزانێت ئەمە رێگای ئەدا وبەڵکو ناچاری ئەکا کە بەچاوی سوک سەیری هەستی نیشتیمانیی بکات، کە جەماوەرێکی فراوان هەستی پێ ئەکەن، ئەو کەسە دورە لە بولشەویەت (پارتەکەی لینین)ی راست (ئازادی، ژ٣، ١٧ی ئایاری ١٩٥٩).

ئەم رۆژنامەیە هەر لە ژێر ئەو بۆچونەی سەرەوەدا تێڕوانینی خۆی بەرانبەر بە گەلی کورد و خەباتی نەتەوەیی کورد دارشتووە، بەوەی کە سەرەڕای باوەڕیان بە خەباتی چینایەتی لە چوارچێوەی عێراقدا، هاوکات باوەڕیان بە رەوایەتی خەباتی نەتەوەیی کورد هەبووە، ئەمەش زۆر بە ئاشکرا لەو بابەتەدا دەردەکەوێت کە بەناونیشانی (لە بابەت سیاسەتی ئازادبوونی عەرەب و مەسەلەی نەتەوایەتی کورد)ەوە لەم رۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە لەو راپۆرتەی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراقەوە وەرگیراوە کە لە کۆنفرانسی دووەمی حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٥٦دا بڕیاری لەسەر دراوە[3]، کە تیایدا هاتووە:"حیزبەکەمان حیزبی شیوعی عیراقی، لەسەر رۆشنایی بیرو باوەڕی مارکسی - لینینی و بە گوێرەی چۆنیەتی سیاسی و نەتەوایەتی، نیشتیمانی عیراق و راپەڕینی ئازادی خواهانەی عەرەب و بە پێی زروفی تازەی ناودەوڵەتی لە سیاسەتی نەتەوەدا ئەم راستیانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوت " لە چەند خاڵێکدا ئەوەش دەخاتە روو کە ئەو خاکەی عەرەبی تێدا دەژین لە عێراق پارچەیەکی دانەبڕاوە لە عەرەبستان، عێراقیش بە بەگوێرەی یەکێتیە سیاسیەکەی دەوڵەتێکی عەرەبییە و ئەندامێکی سەرەکی خێزانی دەوڵەتە عەرەبییەکانە، بەڵام بە پێی ئەو سنورە جوگرافییەی کە ئیستیعمار نەخشەی کێشاوە بەشێک لە خاکی کوردستانیشی لەگەڵدایە، هەر بۆیە دوو نەتەوەی سەرەکی لەخاکی عێراقدا دەژین کە کوردو عەرەبن(ئازادی، ژ٢، ١٠ی ئایاری ١٩٥٩).واتا ئەگەرچی عێراق وەک دەوڵەت بەشێکە لە

نیشتیمانی عەرەبی، بەڵام لە دەرەنجامی ئەو نەخشە سیاسیەدا کە ئیستیعمار بەسەر ناوچەکەدا سەپاندویەتی، بەشێک لە کوردستان خراوەتە سەر ئەو دەوڵەتە ،واتا بە روونی دەڵێت ئەم بەشەی کوردستان بەشیک نیە لە عێراق، بەڵکو لەلایەن ئیستیعمارەوە پێوەی لکێنراوە و بەمەش ئێستا دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا دەژین. ئەم بۆچوونەی ئەوانیش لەکاتێکدا بوو، دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی و بنیاتنانی رژێمی کۆماری لە 14ی تەمموزی 1958دا، سەرەتاکانی کێشەی کورد لەگەڵ رژێمی نوێدا لەسەر دەستووری کاتی دەوڵەت سەریهەڵدا، لەبەر ئەوەی لە مادەی (2)ی ئەو دەستورەدا هاتبوو: عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی (الوقائع العراقیة، العدد، 2، 28تموز1958). دوای ئەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی رەخنەیی دەربارەی ئەو مادەیەی دەستوری کاتی عێراق بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو بەشەی کوردستان کە کەوتۆتە ناو چوار چێوەی عێراقەوە، بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی لەقەڵەم بدرێ. لە لایەکی دیکەشەوە بە پێویستی زانی کە مەبەستی ئەو مادەیە دووبارە بە روون و ئاشکرایی لە دەستوری هەمیشەییدا دابڕێژرێتەوە (خەبات / النضال، العدد 339، 19 تشرین الاول 1960). ئەو وتارەش ناڕەزایی رژێمی فەرمانڕەوای ئەو کاتەی عێراقی لێکەوتەوەو لە رۆژنامەی خۆیاندا بەرپەچیانداوە(کریم، 1998،ص 72) هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو کەوتنە دادگاییکردنی رۆژنامەی خەبات (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زەنگەنە، ژمارە(2)، ئابی2000، ل ل 129-164؛ ژمارە (3)، کۆتایی کانونی یەکەمی، 2000، ل ل 28-92؛ ژمارە(4)، 22ی نیسانی 2001، ل ل 62-129) و خودی برایم ئەحمەدی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامە(دان، 1989، ص 841-843).

لەلایەکی دیکە هەر لەو بابەتەدا، کوردی باشووری کوردستانی بە بەشیکی دانەبڕاو لە گەلی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان داناوە کە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێران و سوریادا دابەشکراوە هاوکات کوردی وەک نەتەوەیەک داناوە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی تێدایە و کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێن و لە پرۆسەیەکی مێژوویی پێکهاتوون و خاکێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئیستیعمار پارچەپارچەی کردوون، ئەوان زمانی هاوبەش و بنچینەی ئابووری هاوبەشیان هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی سەربەخۆیی و یەکگرتنی نەتەوایەتیان (ئازادی، ژ۲، ۱۰ی ئایاری ۱۹٥۹). واتا کورد وەک نەتەوەیەک تەماشاکراوە کە هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەی تێدایە، بەڵام لە لایەن ئیستیعمارەوە دابەشکراوە و ئێستا لە چوارچێوەی چەند وڵاتێکدا دەژین، هەربۆیە پێویستە کوردی هەر پارچەیەک لەم قۆناغەدا کە بەلای ئەوانەوە قۆناغی رزگارییە لە ئیستعمار و نۆکەرانی، رێگای خەباتی هاوبەش لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کە خراونەتە پاڵیان بگرنە بەر ، لەم رووەوە لە بەشێکی دیکەی هەمان راپۆرتدا، کە لە ژمارەیەکی دیکەی ئەم رۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە و دەڵێت :"گەلی کورد مێژوو داوای لێ ئەکا دەوری خۆی بگێرێت لە جوڵانەوەی ئازادی خواهانەی عەرەب دا لە رێگای خەباتی موشتەرەکەوە لەگەڵ عەرەبی عێراق و هەموو کەمە نەتەوەییەکان، ئەم چەشنە خەباتە پێویستیەکی گرنگی مێژویی جێ بەجێ ئەکا نەک تەنها بۆ کوردی عێراق بەڵکو بۆ هەموو جەماهیری نەتەوەی کورد، کوردستانی عێراق لە کاتێکدا کە بەشداری لە جوڵانەوەی ئازادی خواهانەی عەرەب ئەکا، کە پڕە لە تەوژمی تێکۆشان، نەک تەنها هاوبەشی ئەکا لە رزگارکردنی نەتەوەی عەرەبا لە ئیستعمار بەڵکو خەبات بۆ ئازادکردنی کوردستانیش، لەو کاتەی کە تێکۆشانی کوردستانی عێراق شان بەشانی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب ئەڕوا، کوردستانی عێراق ئەتوانێ قەوارەی نەتەوایەتی (کیان القومي)خۆی بپارێزێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا بەم چەشنە کوردستانی عێراق توانای ئەوەی بۆ دەخولقی کە ببێتە پێشڕەوی جوڵانەوەی ئازادی بەخشی هەمو نەتەوەی کورد " (ئازادی، ژ۳، ۱۷ی ئایاری ۱۹٥۹).

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە هەڵوێستی ئەم رۆژنامەیە بەرانبەر بە خەباتی نەتەوەی کورد لە بۆچونەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی شیوعی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زیاتر لەو راپۆرتەدا رایگەیاندبوو کە لە ساڵی 1956 دا لە ژێر کاریگەری جەمال حەیدەری و ژمارەیەك لە ئەندامانی گەڵاڵە کرابوو، وەک نەتەوەیەک تەماشای کوردی کردووە کە سەرجەم رەگەزەکانی نەتەوە لەخۆ دەگرێت و دان بە مافە نەتەوایەتییەکانیدا دەنێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتیی و دۆخی بەش بەشکراوی کوردستان، بە پێویستی دەزانن لەو قۆناغەدا لە چوارچێوەی خەباتی گەلانی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەشکراون خەباتی نەتەوەیی خۆیان ئەنجام بدەن، لەو سۆنگەیەشەوە خەباتی نەتەوەیی باشوری کوردستان دەکرێت ببێتە ماکی خەبات و بزاوتی نەتەوەیی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

### 3. مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە روانگەی رۆژنامەی ئازادی دا

بەو پێیەی ئەم رۆژنامەیە وەک باسکرا زمانحاڵی پارتێکی سیاسی هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسی لینینی بووە و روونیشە کە ئەو بیرو باوەڕە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ رووداوە مێژووییەکان هەیە، بۆیە ئەم رۆژنامەیەش زیاتر لە روانگەی لێکدانەوەی مێژوویی مارکسییانەوە روانیویەتییە ئەم لایەنەی مێژووی کورد و لە چوار چێوەیەکی ئایدیۆلۆجییەوە و وەک بەشێک لە ململانێی چینایەتی و

شەڕی دژ بە ئیستیعمار تەماشای کردوون.لە راستیدا بە پێی ئەو بابەتانەی کە لە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەدا دەربارەی خەباتی نەتەوەیی کورد بڵاوکراونەتەوە دەردەکەوێت، کە دەستپێکی خەباتی نەتەوەیی کورد بە لای ئەوانەوە لەسەردەمی ئیتیحاد وتەرەقییەوە دەست پێدەکات، چونکە لە باسی مێژووی ئەم خەباتەدا لە رووداوەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەستی پێکردووە ، بۆیە پێدەچیت بەلای ئەوانەوە لەوێوە ئەو خەباتە دەستی پێکردبێت، چونکە بە پێی بۆچونی مارکسی ئەمجۆرە خەباتە بەشێکە لە خەباتی بۆرجوازی و لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو چینە دەستپێدەکات(عەلی، 2004، ل ل 109 - 122). لەم بارەیەشەوە ئەم رۆژنامەیە ئاماژەی بەوە کردووە کە دوای ئەوەی بزوتنەوەی بۆرجوازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەرکەوت و گیانی نەتەوەیی لە ناو نەتەوەکاندا بوژایەوە ،زۆر لە رۆشنبیرانی کورد وەک رۆشنبیرانی عەرەب و ئەرمەن چوونە ریزی ئیتیحاد و تەرەقییەوە[4]، کە هەڵگری ئاڵای بۆرجوازی نیشتیمانیی بوو و لە زۆربەی بۆرجوازە تورکەکان پێکهاتبوو و هەوڵی کارکردن بە دەستوری بۆ دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمەکانی ژێر دەستی عوسمانی دەدا، بەڵام دوای سەرکەوتنیان هەر زوو لەو باوەڕانە پاشگەز بوونەوە و کەوتنە چەوساندنەوەی گەلە ناتورکەکان، کە کورد یەکێکیان بوو، بۆیە کورد درێژەی بە خەباتی خۆی دا ئەمجارەیان دژی بۆرجوازی شۆڤینی تورکی(ئازادی، ژ6 ، 7ی حوزیرانی 1959). بە پێی ئەم دەربڕینەش بێت خەباتی نەتەوەیی کورد، واتا خەباتی بۆرجوازی کوردی لە چوارچێوەی خەباتی بۆرجوازی دەوڵەتی عوسمانی و بەدیاریکراویش تورکی دەردەکەوێت، کە دواتریش دوای ئەوەی ئیتیحاد وتەرەقی دەست بە چەوساندنەوەی کورد دەکەن ئیتر کورد دژ بە بۆرجوازی شۆڤێنی تورک درێژە بەم خەباتە دەدەن واتا خەباتێکی سەربەخۆی دەستپێکردووە.

لە درێژەی ئەم باسەدا ئەوە خراوەتەروو، کە دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی کۆتایی هات، وڵاتە ئیستیعمارییەکان دەوڵەتی عوسمانییان دابەشکرد، کوردیش کە زانی رووی داگیرکەران لە هەردوو لایە)مەبەست لە تورک و کوردە(،دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی نەکەوت، بەڵکو شانبەشانی گەلی تورک کەوتنە خەبات لە دژی ئیستیعمار بۆ رزگارکردنی تورکیا لە چنگی داگیرکەران و یەکەم سوارە کورد بوو کە لە پێش هەمووان چووە ناو ئیزمیرەوە و بە تێکۆشانی هەردوولا تورکیا رزگار کرا (ئازادی، ژ٦، ٧ی حوزەیرانی ١٩٥٩).

ئەم رۆژنامەیە لە بارەی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئیستیعمار ئەم جووڵانەوەی تێکشکاندووە و پارچە پارچەی کردووە و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە نەیهێشتووە کورد دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، هەر ئەویش بووە پیلانی بۆ روخانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا[5] دارشتووە، هەروەها هاندەری سیاسەتی سەرکوتکردنی کورد بووە لە عێراق و تورکیا و ئێران ، پەیمانی بەغداد تەنها لە دژی عەرەب نەبووە، بەڵکو بۆ درێژەدان بە پارچەپارچەیی کوردیش بووە و هەر لەم سۆنگەیەش بۆ بەربەستکردنی دامەزراندنی قەوارەی کوردیی هەوڵی بەربەستکردنی پێشکەوتنی پیشەسازی وئابوری کوردستانی داوە (ئازادی، ژ30 ، ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩).

لە پاڵ راڤەکردنی بۆ مێژووی ئەم پرسە، هاوکات ئەم رۆژنامەیە گرنگی بە وردەکاری و گێرانەوەی چەند رووداوێکی مێژوویی خەباتی نەتەوەیی کورد داوە، بۆ نمونە، بابەتێکی دەربارەی شۆڕشی کورد لەدژی ئینگلیز بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی (شۆڕشی ١٩٢٠ و نەتەوەی کورد)، تیایدا، هەوڵدراوە ئەوە بخرێتە روو کە جگە لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لە نێوان ١٩١٩ تا ١٩٢٧ دژ بە ئینگلیزەکان هاوکات بەر لەوەی شۆڕشی 1920 لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق دژ بە ئینگلیزەکان ئەنجام بدرێت [6]، ساڵی 1919 لە چەند شوێنیکی کوردستاندا وەکو ناوچەکانی زاخۆ و ئامێدی و مزوری و ئاکرێ راپەڕین دژی ئینگلیزەکان سەریانهەڵداوە[7] کە بەشێک نەبوون لە شۆڕشی ١٩٢٠ی عێراق، بەڵکو راپەرینی سەربەخۆی کوردان بوون لە پێناو مافەکانی کورد دا، لە درێژەی باسەکەشدا هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشانە بۆئەوە دەگێڕێتەوە کە یەک سەرکردەیان نەبووە، هەروەها سەرکردەکانی راپەڕینەکان لە رووی سیاسیەوە لێهاتوو نەبوون وبێهێز و کەم تێگەیشتووبوون، هاوکات شۆڕشەکان ناوەڕۆکێکی دیموکراتیان نەبووە(ئازادی، ژ٩، ٥ی تەممۆز ١٩٥٩).لە ژمارەیەکی تریشدا یادی سێ ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحمود دەکاتەوە و وەک نیشتمانپەروەرێکی گەورەی کورد باسی دەکات، کە لە عێراق بە کورد وعەرەبەوە بە چاوی رێزەوە دەڕوانە یادەکەی و دەڵێت : دوژمنێکی سەرسەختی ئینگلیز و ئیستیعمار بووە، دواتریش وردەکاری بەشێک لە رووداوەکانی شۆڕشەکەی باس دەکات(ئازادی، ژ٢٠، 14ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩).

لە ژمارە (1)ی رۆژنامەکەشدا بابەتێکی دەربارەی پێشوازیکردنی دانیشتوانی کەرکوک لە بارزانییەکان[8]. بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا دەڵێت: ئەو رۆڵە بارزانییانە چواردە ساڵ لەمەو بەر چەکیان بەرانبەر ستەمی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی هەڵگرتبوو و دواتر ناچاربوون روو بکەنە سۆڤیەت و دوازدە ساڵ لەوێ وەک کوڕی باوکیان بژین (رۆژنامەی ئازادی، ژ١، ١ی ئایاری ١٩٥٩)، لە

ژمارە(7)یشدا بابەتێکی بە ناونیشانی (شۆڕشی بارزان وەک جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی ئەیگێڕێتەوە) بڵاوکردۆتەوە، ئەم بابەتەش بریتییە لە چاوپێکەوتنی نوێنەری رۆژنامەکە لە شاری کەرکوک لە گەڵ شێخ ئەحمەد دا کە تیایدا لە میانەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەو نوێنەرەوە، شێخ ئەحمەد وردەکاری بزوتنەوەکانی بارزان هەر لە ١٩٣٠ەوە دەگێڕێتەوە(ئازادی، ژ٧، ١٤ ی حوزەیران ١٩٥٩). لە ژمارەیەکی دیکەشدا ئەم رۆژنامەیە بابەتێکی تەرخانکردووە بۆ قسەکردن لەسەر لە سێدارەدانی شۆڕشگێرانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ لە باکوری کوردستان و بە ناونیشانی(یادی شەهیدەکانی شۆڕشی ١٩٢٥ ی کوردستانی تورکیا) (ئازادی، ژ٦، ٧ی حوزەیران 1959 ). هەروەها ئەم رۆژنامەیە بابەتێکی دەربارەی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە بڵاوکردۆتەوە، کە دەڵێت:" ١٩ی ئەم مانگە رۆژێک بوو خاوەنی پایەیەکی بەرزە لە خەباتی نەتەوەیی کوردا لەو رۆژەدا مۆرێکی تری عار و نەنگ نرا، بە ناوچەوانی ئیستیعمار " لەم بابەتەدا بەرێز و ستایشێکی زۆرەوە باس لەو چوار ئەفسەرە دەکات وباسی ئەوە دەکات دوازدە ساڵ لەمەو بەر عزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود لە سێدارە دران ئەمانە کە زۆر بێباکانە لەساڵی ١٩٤٥دا چونە بارزان و لایاندایە پاڵ شۆڕش و دواتر چونە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەڵام دوای ئەوەی بارزانییەکان رووبانکردە سۆڤیەت ئەوان هاتنەوە عێراق و دەستگیرکران و لە سێدارەدران (ئازادی، ژ٨، ٢٨ی حوزەیران ١٩٥٩).

راستییەکەی ئەگەر بڕوانینە چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەم رۆژنامەیە لە گەڵ ئەو روداوانەدا، دەردەکەوێت کە تەنها چەند بابەتێکی لە خەباتی نەتەوەیی کورددا باسکردووە و دەستی بۆ بەشی زۆری جومگەکانی نەبردووە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بابەتی هەستیار و گرنگی رەوتی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردی وروژاندووە و تاڕادەیەکی زۆر هەوڵی داوە راستییەکان بخاتە روو و رۆڵی کەسایەتییە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکانی کورد بەرز بنرخێنێت، هاوکات ئەوە بەروونی دەردەکەوێت، کە لە کاتی گێڕانەوەی ئەو رووداوانەشدا ئەم رۆژنامەیە ئایدیۆلۆجییانە مامەڵەی کردووە و هەوڵی داوە سەرجەم رووداوەکان ببەستێتەوە بە کێشەی ئیستیعمار ودژە ئیستیعمارییەوە.

**٤ . هەڵوێستی ئازادی بەرانبەرخەباتی نەتەوەیی کورد لە ماوەی ساڵی ١٩٥٩ دا**

سەبارەت بە شێوازی خەبات و رۆڵی کورد لەو ماوەیەدا، رۆژنامەی ئازادی لە چەند روویەکەوە هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە، لەوانە یەکێک لە هەڵوێستەکانی ئەوە بوو کە کورد لە خزمەت شۆڕشی14ی تەمموزی 1958 دا بن و هەوڵی پاراستنی بدەن کە لەم رووەوە ئەم رۆژنامەیە زیاتر وەک زمانحاڵی حکومەت و شۆڕشەکە دەردەکەوت و داوای لە کورد دەکرد بە هەموو جۆرێک شۆڕش ودەسکەوتەکانی بپارێزن، بۆنمونە هەر لە ژمارە (1)دا ولە بابەتی پێشوازیکردن لە بارزانییەکاندا، لە گوتارێکدا کە میرحاج ناوێک داویەتی، لە کۆتاییدا دەڵێت :"ئێستاش هاتنەوە ئامانجیان تەنها پاراستنی جومهوریەتە پەیمان دەدەن تا دوا دڵۆپی خوێنیان جومهوریەتە دیموکراتەکە ودەسکەوتەکانی بپارێزن"(ئازادی، ژ1، 1ی ئایار ١٩٥٩). جێی باسە، کە رژێمی کۆماری لە عێراقدا دوای هاتنەسەرکاری هەندێ هەنگاوی پۆزەتیڤانەی بەرانبەر دۆزی کورد و سەرکردایەتی جووڵانەوە رزگاریخوازەکەی هاویشت، وەک هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانی لە سێدارەدانەی کە پێشتر لەلایەن رژێمی پاشایەتییەوە بۆ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەرچووبوو (البارزاني، 2002 ، ص21). ئەو هەنگاوەش زەمینەیەکی لەباری رەخساند و لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا مستەفا بارزانی کە پەنابەری یەکێتی سۆڤیەت بوو، گەڕایەوە بەغدای پایتەخت و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا، لە کاتێکدا جەماوەرێکی بەرفراوان بە کوردو عەرەبەوە ئامادەی رێوڕەسمی پێشوازییەکە بوون (بادي، ٢٠٠٥، ص ص٥٧-٦٢).هەروەها لە بابەتێکی تردا هاتووە : میللەتی کورد لەبەر ئەوەی ساڵەهای ساڵە لە ژێرباری گرانی حوکمی رەشی دیکتاتۆریەتی ئیستیعمارو کۆنەپارێزی دەناڵێنن، زۆر بەتەنگی پاراستنی ئەو دیموکراتیەتەوەیە کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز دەستیخستووە و زۆر باش ئەزانێ کە دیموکراتیەت گرنگترین مەرجی مسۆگەرکردنی ئامانجەکانی خەباتی خوێناوی ئەم چەند ساڵەیەتی، میللەتی کورد لە بەرئەوەی بۆ یەکەمجارە کۆماری عێراق گەلێک لە مافەکانی پێداوە، بۆیە هەمیشە ئامادەی فیداکاری و خۆبەخشییە بۆ پاراستنی و پێشەوەبردنی (ئازادی، ژ5، ٣١ی ئایار ١٩٥٩). لە راستیدا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، رژێمی نوێ دەستووری کاتی دەوڵەتی راگەیاند و لە مادەی (٣) ی دەستورەکەشدا هاتبوو: "عەرەب و کورد لە نیشتیمانەدا هاوبەشن" (الوقائع العراقية، العدد ٢، ٢٨ تموز ١٩٥٨).

لە لایەکی دیکەوە یەکێکی تر لەو پرسانەی کە (ئازادی) زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە لە خەبات و کۆششی کورد لەو ماوەیەدا، پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی عێراق و برایەتی نێوان کورد و عەرەب و هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی پارتی دیموکراتی یەکگرتوو، کە ئەوکات تاکە پارتی کوردی سەر شانۆی سیاسی بوو لە گەڵ پارتە سیاسییەکانی تردا و بە تایبەتیش لە گەڵ حیزبی شیوعی دا ، لەم رووەشەوە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەڵێت: میللەتی کورد دەستی باڵای هەبووە لەبەربەرەکانێی حوکمی رەشی ئیستیعماری و

نۆکەرەکانی ولە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ی تەمموز(ئـازادی، ژ٥، ٣١ی ئایـاری ١٩٥٩)، ئـەوەبوو هـەر دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەمموز، پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین شاندی لە شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتان ڕێکخسـت، ئەوە بـوو شـاندی کوردسـتان بەرەو بەغدا بەرێ کەوت، لەوێـدا سـەرۆکی شـاندەکە (بـرایم ئەحـمەد) لە خوێنـدنەوەی وتارێکیـدا لەبەردەم وەزارەتـی بەرگـری، پشتگیری گەلی کوردستانی بۆ شۆڕش و ڕژێمی کۆماریی ڕاگەیاند(طالباني، ١٩٧١، ص ص٢٧٩-٢٨٤).

دواتر هەر لەو بابەتەدا دەڵێت: بۆیە تێدەکۆشن بۆ چەسپاندنی بەرەی یەکێتی نیشـتیمانیی، چـونکە تاکـە ڕێگـایە بـۆ پاراسـتنی ئازادی و سەبەخۆیی و ڕزگاربوون لە ئیستیعمار(ئازادی، ژ٥، ٣١ی ئایاری ١٩٥٩). شایەني باسە، (بەرەی یەکێتی نیشتمانیی) لە کۆتایی شوباتی ١٩٥٧دا پێکهێندرا بوو، کە چوار حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی لە خۆگرتبـوو: حیزبـی نیشـتمانی دیمـوکراتی، حیزبـی سـەربەخۆیی، حیزبی شـیوعی عێـراق و حیزبـی بەعسـی عەرەبی سۆسیالیسـت (حمیـدي، ١٩٨٠، ص٢٣٨). دوای ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتیش، لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا حیزبـی شـیوعی داوای زینـدووکردنەوەی ئەو بەرەیەی دەکـرد بـۆ ئەوەش وای پێویسـت کـرد کە پێوەنـدی لەگەڵ پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردسـتان لە ڕووی ڕێکخسـتن و ئامـانج و هەڵوێسـت و پێوەنـدی دووقـۆڵییەوە، دەستنیشـان بکرێت و هیچ گرفتێک لە نێوانیاندا نەمێنێ و پەرە بە شێوازی کارکردنی نێوانیان بدەن(دان، ١٩٨٩، ص١٧٧) ، ئەنجام لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ دا دوای وتووێژێکی زۆر و کۆبونەوەی دووقۆڵی هەردوو حیزب، هەردوولا پەیمانێکیان بەناوی (پەیمانـی هاوکـاریی) مۆرکرد. دوای ئەوەش لە کـانونی یەکەمـی ١٩٥٨ دا پـارتی دیمـوکراتی یـەکگرتووی  کوردسـتان چـووە نێـو بەرەی یەکێتـی نیشـتمانیی (طالباني، 1971، ص١٧٢؛ البوتاني، ٢٠٠٧، ص٩٨-٩٩). دواتر حیزبی شیوعی لـە ڕێگـای ئـەم ڕۆژنامەیـەوە هـەوڵی داوە ئـەو بەرەیـە بپارێزێت وکورد لەو بەرەیە نەکشێنەوە ، ئەوەتا لە ژمـارە (10) دا بـابەتێکی بە ناونیشـانی (هەر سـەرکەوتو بـێ ئـاڵای شۆڕشـی ١٤ی تەموز، شۆڕشی گەل وسوپا، شۆڕشی کورد وعەرەب)، بڵاوکرۆتەوە، تیایدا هەوڵ دەدا ئەوە بخاتە ڕوو کە شۆڕش و دەسـکەوتەکانی چەندە لە خزمەتی عەرەبدان ئەوەندەش لە خزمەتی کورد دان ،بۆیە پێویستە کورد پێوەندیی باش وپـتەوی لە گەڵ عەرەب هەبێـت لە پێنـاو پاراسـتنی شۆڕشـدا (ئـازادی، ژ10، ١٢ی تەممـوزی ١٩٥٩). لە یەکێکـی تـر لە ژمارەکانیـدا بـابەتێکی بە ناونیشانی(پاراسـتنی جومهوریەت) بڵاوکردۆتەوە، کە چەند مادەیەکی تێدایە، مادەی چوار بە ناوی برایەتی کـورد و عەرەبەوەیە و تیایـدا هـاتووە: بەرەی یەکێتی نیشتیمانی هەوڵ دەدا بۆ بەهێزکردنی برایەتی هەردوو میللەتی کورد وعەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکـانی دیکـە هەروەهـا تێدەکۆشێت بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی کورد بۆ ئەوەی میللەتـی کـورد مـافی ئیـدارەی زاتـی وەربگرێـت (ئـازادی، ژ5، ٣١ی ئایـاري ١٩٥٩).

لە ژمـارە(30)شـدا بە ناونیشـانی (گەلـی کـورد هەمیشـە هەڵگـری ئـاڵای یەکێتـی پـتەوی گەلانـی عێـراقە) بـابەتێکی دیکـەی بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا باس لەوە دەکات هەوڵی زۆر لە ئارادایە بۆ لە خشـتەبردنی گەلـی کـورد لە لایەن ئیسـتیعمارەوە و گـۆڕینی بەلای خۆیاندا، بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم پلانانە نایگۆڕن، بە پێچەوانەوە هانیان دەدات دەست بەرداری کۆنەپارێزی بـن و بەرەو پێشکەوتنخوازی بچن(ئازادی، ژ30 ، 10ی تشرینی دووەمی، ١٩٥٩).

لەبارەی پێوەندی نێوان پارتی و حیزبی شیوعی و ڕۆڵیان لە پاراستنی یەکڕیزیی و سەرخستنی ئەزمونی کۆماریدا، لە ژمـارە (6) لە بابەتێکدا دەڵێت: ئیستیعمار هەموو قورسایی لەسـەر کۆمـارە دیمـوکراتەکەیە و دەیەویـت یەکێتـی هێـزە نیشـتیمانییەکانی پەرت بکات، بۆیە ئەمڕۆ لە هەمو کاتێکی ڕابردوو پێویستترە کە حیزبمان، حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان، کە تاکە دوو هێزی سیاسی ڕێکخراو ودیموکراتن لە کوردستانی عێراقدا وگەورەترین ڕۆڵیان هەیە لە پاراستن وپێشخستنی کۆمار دا، بە هەمو هێزیان هەوڵ بدەن بۆ بەهێزکردنـی یەکێتییـان کە بەهـۆیەوە دەتـوانن کوردسـتانی عێـراق بـکەن بە قەڵای سـەختی کۆمارەکـەمان، حیزبمان هەوڵی زۆری داوە لە ڕێکخستنی زەحمەتکێشانی کوردستانی عێراق لە پێنـاو مافەکـانی گەلـی کـورد، هەروەهـا بـاس لەوە دەکات کە ئەوان زۆر ڕێز لە هەنگاوەکانی پارتی دیموکرات دەگرن لەوەی کە دانی بە ڕۆڵی مێژوویی حیزبـی شـیوعی نـاوە (ئـازادی، ژ6، ٧ی حوزەیرانی ١٩٥٩).

یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی کە (ئازادی) کاری لەسەر کردووە، ئەوە بوو کە هەوڵی داوە خەباتی نەتەوەیی کـورد بەو ئاقـارەدا ببات کە سۆڤیەت بە تاکە فریاد ڕەس بزانن وا لە کورد بگەیەنێت کە تاکە دۆستی خەبـاتی ئەوان سۆسـیالیزمە وئیسـتیعمار و بلـۆکی سەرمایەداریش دوژمنی سەرسەختی خەباتی نەتەوەیی کوردە، لەم ڕووەشەوە بابەتێـک بڵاوبکاتـەوە بە ناونیشـانی (دوژمنـی گەلـی کورد کێیە)، تیایدا باسی ئەوە دەکات کە لەکاتێکدا لە سایەی شۆڕشی ١٤ی تەممـوزدا لە هەنگاونانـدان بەرەو سـەرفرازی یەکجـاری، وڵاتە ئیستیعماریەکان شین و ڕۆڕۆ بۆ کورد دەکەن و خۆیان بە فریاد ڕەسیان دەزانن و پێیانوایە کورد فەوتا(ئازادی، ژ٣، ١٧ی ئایاری ١٩٥٩). دواتر بابەتێک بە ناونیشانی (ئەی دۆستەکانی کورد کێن) بڵاو دەکاتەوە کە تیایدا هەوڵ دەدات بە کورد بڵێت ئەوەی دۆسـتی

کورد وگەلانی ژێردەستەیە، یەکێتی سۆڤیەتە، کە وڵاتانی ئیستیعمار هەوڵدەدەن پێچەوانەکەی پێشان بدەن(ئازادی، ژ4، ٢٤ی ئایاری ١٩٥٩).

لەبابەتێکی دیکەدا کە بەناونیشانی(مەسلەحەتی کورد لە دیموکراتیدایە)، هەوڵدەدات ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن ئیستیعمار و وڵاتە کۆنەپارێزەکانی ناوچەکە هەوڵی لە باربردنی شۆڕشی عێراق دەدەن و هەوڵدەدەن کوردیش بخەنە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەوە، بەڵام کورد لە ئەزموونی خۆیەوە بۆی دەرکەوتووە کە ئیستیعمار ونۆکەرەکانی و هەموو دوژمنانی دیموکراسی بە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی میللەتان توانیویانە حوکمی خۆیان بسەپێنن و لەم رووەشەوە بۆردومانەکانی سلێمانی و بازیان وئەو هەموو کوێرەوەرییەی لە ژێر سایەی حکومەتی رووخاودا توشی هاتووە و لە ناوبردنی کۆمارەکەی قازی محەمەد و کوشتارەکانی تورکیا لە سەر دەستی کەمالییەکان و کردەوە ناپەسندەکانی سوپای عەبدولناسر بەرانبەر کوردانی سوریا کە هەموو مافەکانی لێزەوتکردون وبەسەدانی لێخستوونە زیندانەوە، ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە دوژمنانی دیموکراتیەت، دوژمنی باوەکوشتەی گەلانی ژێردەستەن کە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانە (ئازادی، ژ٥، ٣١ی ئایاری ١٩٥٩).

جگە لەو بابەتانە، ئەم رۆژنامەیە بایەخی داوە بەو بەرهەڵستییانەی کە لەلایەن ژمارەیەك کورد دژی کۆمار ئەنجام دراون، کە پێچەوانەی رژێمی کۆماری بیریان کردۆتەوە بە خەباتی نەتەوەیی کورد باسکراون، بەڵام ئەم رۆژنامەیە وەک یاخی بوون وهەوڵی چەند دەرەبەگێکی سەر بە رژێمی روخاوی پاشایەتی باسیان دەکات، لەوانەش گەمارۆدانی سیدەکان و شەڕی شێخ رەشیدی لۆلان و مەحمودی خەلیفە سەمەد، کە بە چەتە ناوی بردوون، پەیامنێری رۆژنامەکە چاوپێکەوتن لە گەڵ حەسەن حاجی تایەر کە ئەندامی ئەو شاندە بووە کە چۆتە لایان لە سیدەکان ئەنجام دەدات ، پرسیاری رۆژنامەکە دەڵێت: بە رای ئێوە ئەو چەتانە چۆن یاخی بوون و دەستیان داوەتە چەتەیی، لە وەڵامەکەشیدا وەک پیاو ونۆکەری پاشایەتی وەسفیان دەکات کە چاویان بە دەسکەوتەکانی شۆڕش هەڵنایەت (ئازادی، ژ٣، ١٧ی ئایاری ١٩٥٩).

لە راستیدا ئەمانە ژمارەیەك لە خاوەن موڵکەکانی کوردستان بوون کە زۆر بەیان لایەنگری رژێمی پاشایەتی بوون، بۆیە رژێمی کۆمارییان بەمەترسی و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دەزانی، بەتایبەت دوای دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (سەبارەت بەو یاسایە بروانە:الوقائع العراقية، العدد ٤٤، ٣٠ تموز ١٩٥٨) کە ئەو چینە بە توندی دژی جێبەجێکردنی یاساکە وەستانەوە (الحاج، ١٩٩٤، ص٣٠). شێخ رەشیدی لۆلانیش یەکێک بوو لەو خاوەن موڵکانەی کە لە کوردستاندا دژی ئەو یاسایە بوون، لەهەمان کاتیشدا ناوبراو دوژمنایەتی کۆنی لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبوو و پێوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ ئێران و تورکیاشدا هەبوو (أشريان، ١٩٧٨، ص٧٢)، لەبەرئەوەی ناوبراو رابەری روحی عەشیرەتی برادۆست بوو لە کوردستانی باشوور و ژمارەیەک شوێنکەوتەی لە کوردستانی رۆژهەڵات و باکوریشدا هەبوو، ناوچەکەشیان هاوسنوور بوو لەگەڵ تورکیا و ئیران، بۆیە پێوەندیکردنی بەو دوو حکومەتە سەخت نەبوو، لەوکاتەشدا هەردوولا هاوکاری مادی و مەعنوییان پێشکەشکرد و هانیاندا بۆ جووڵانەوە دژی رژێمی کۆماریی لە عێراقدا (البارزاني، ١٩٨٦، ص ١٢٢)، ئەوەبوو لەسەرەتای مایسی ١٩٥٩ دا، شوێنکەوتووانی شێخ رەشیدی لۆلان هەڵسان بە گەمارۆدانی بنکەی بەرگری میللی سیدەکان و لەماوەیەکی کەمدا سەرجەمیان دەستگیرکردن، تەنانەت رێگەی (سەری بەردی)یشیان کۆنترۆڵ کرد، بۆ ئەوەی رێگە بگرن لە گەیشتنی یارمەتی حکومەت بۆ ئەو هێزەی لە ناوسیدەکاندا گەمارۆ درابوون، بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخەش عەبدولکەریم قاسم داوای هاوکاری لە مستەفا بارزانی کرد، ئەویش توانی هێزێکی گەورە پێکبهێنێ و لەماوەی دوو رۆژدا ئەو جووڵانەوەیە کۆنترۆڵ بکات، لە ئەنجامیشدا شێخ رەشیدی لۆلان رایکردە ئێران (عبدالرضا، 1970، ص١٠٥؛ ادامسن و فتح الله، ١٩٩٩، ص٢٠١).

**5. خەباتی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا**

لە بەرئەوەی خەباتی حیزبی شیوعی خەباتێکی نێونەتەوەیی بوو، بۆیە رۆژنامەی (ئازادی)ش سنوری نەدەناسی، لەم سۆنگەیەشەوە بایەخی بە خەبات و چالاکی تەواوی کرێکاران وگەلانی ژێردەستی جیهان دەدا. هاوکات وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم رۆژنامەیە باوەڕی بە مافی خەباتی نەتەوەیی کورد هەبوو لە هەموو بەشەکاندا و دانی بەو راستییەدا نابوو کە یەک نەتەوەیە و ئیستیعمار دابەشی کردووە، بە تایبەتی لەو بەشانەدا کە دەسەڵاتەکەیان لە چوارچێوەی بلۆکی رۆژئاوادا بوون، هەر بۆیە ئەم رۆژنامەیە خەبات و دۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشانەشی پشتگوێ نەخستووە و لە چەند ژمارەیەکیدا بابەتی تایبەتی لە بارەیانەوە بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر جار لە رادەی گرنگی دان بە زانیارییەکان و چۆنییەتی خستنەڕوویان، هەڵوێستی بەرانبەریان زۆر بەروونی دەردەکەوێت، لەم رووەشەوە بە پێی بارودۆخی سیاسی و بەرژەوەندی سۆڤیەت و لە سۆنگەی ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە دەستی بۆ بردوون و قسەی لە سەرکردوون، بۆ نمونە لە راپۆرتەکەی ساڵی ١٩٥٦دا کە پێشتر

ئاماژەی پێکرا و ئەم رۆژنامەیە بلاویکردۆتەوە، کاتێک باس لە دابەشکردنی کوردستان دەکات تەنها باس لە ئێران و عێراق وتورکیا دەکات بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سوریا و هەبوونی کورد لە سۆڤیەت بکات، ئەویش زۆر روونە، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا پێوەندی سۆڤیەت وحکومەتی سوریا لە باشیدا بوو، بۆیە خۆی لە قەرەی ئەو بابەتە نەداوە، کەچی لە ژمارەکانی دواتریدا ئاماژە بە هەبوونی کورد لەم وڵاتەنەدا دەکات و تەنانەت بابەتیشیان لە بارەیانەوە بڵاو دەکاتەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەش هەر لە چوار چێوەی بیروباوەڕو بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا بووە، بۆ نمونە لە ژمارە (4)دا بابەتێکی بە ناونیشانی (کورد لە ئەرمینیای ئیشتراکی دا)بڵاوکردۆتەوە، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوای شۆڕشەوە کوردەکانی ئەوێ لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا کەوتونەتە ژیانێکی پێشکەوتووتر و ئێستا لە بری خانووە قوڕەکانی پێشتر، خانووی جوان و روناکیان هەیە و لە کێڵگە هەرەوەزییەکانیاندا ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی بەکاردێنن و کارەبا و رادیۆ لە هەمولایەک بڵاوە، بواری خوێندن لە بەردەمیان کراوەیە و چەندین زانایان لە زۆربەی شارەکانی سۆڤیەتدا هەن و رۆژنامەی خۆیان هەیە ورۆژنامەی گەلانی دیکەش دەخوێننەوە و چەندین کتێب دەربارەی کورد نوسراوە و ئەدەبی کوردی پێشکەوتووە و رێگا بە ئافرەت دراوە بخوێنێت(ئازادی، ژ٤، ٢٤ی ئایاری ١٩٥٩). واتا ئەگەر لە هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بکۆڵینەوە و لە چۆنیەتی خستنەڕووی زانیارییەکانی وردبینەوە، ئەوا هەرچەندە زانیاری مێژووی گرنگ لە خۆدەگرن ولە رووی مێژووییەوە بایەخی زۆری هەیە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە روونی دیارە کە مەبەستی رۆژنامەکە خستنەرووی دۆخی پێشکەوتووی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917)ەیە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ دۆخی پێش شۆڕش و لێرەشەوە ئەو پەیامە بە گوێی کوردانی پارچەکانی دیکەدا بدرێت کە دەسەڵاتی سۆسیالیستی چەند جیاوازتر مامەڵە لە گەڵ کورد دا دەکات کە ئەوەش بانگەشە بوو بۆ حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت و بیروباوەڕی سۆسیالستی.

لە بارەی سوریاشەوە بەهەمان شێوە لە ژمارە (٢٥)ی رۆژنامەکەدا بابەتێک بە ناونیشانی (چەوساندنەوەی کوردەکانی سوریا لەلایەن زۆردارەکانی یەکگرتوی عەرەبییەوە) بڵاوکراوەتەوە، کە پێچەوانەی ساڵی١٩٥٦، لێرەدا دەڵێت : کورد لە سوریا هەیە و چەوساوەشە. بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتەش لەبەرئەوە بوو کە لەو کاتەدا وڵاتانی یەکگرتووی عەرەبی لە ئارادابوون و دوژمنی سەرسەختی بلۆکی ڕۆژهەڵات و حکومەتەکەی قاسم بوون لە چوارچێوەی ئەو ململانێ سیاسییەشدا ئەم رۆژنامەیە هەوڵی دەدا ناشرینیەکانی ئەو دەسەڵاتە بخاتە روو، هەر بۆیە لەم بابەتەدا گوتارێکی رۆژنامەی (الاخبار)ی لوبنانی باسکردووە کە باس لەوە دەکات، حکومەتی یەکگرتووی عەرەبیی بۆ تێکشکاندنی خەباتی گەلانی سوریا پەنا بۆ هەموو ناشیرینییەک دەبات کە یەکێکیان چەوساندنەوەی کوردەکانی ئەو پارچەیەیە، لە بابەتەکەدا هاتووە کە کورد لە سوریادا نەویستراوە وهەوڵدەدرێت لە هەموو بوارەکاندا دوور بخرێنەوە و ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری کورد لە کار لابراون و کەسانی میسری خراوەتە شوێنیان، کورد ناتوانێت فێری زمانی خۆی بێت و چەندین مافی دیکەیان لێ زەوتکراوە (ئازادی، ژ25، 30ی تشرینی یەکەمی 1959).

هەرچەند مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆجی لە پشت ئەم بابەتەوە بوویێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەوڵی داوە راستییەکان بخاتە روو، چونکە بەپێی سەرچاوەکان بە کردەوە لەو سەردەمەدا دۆخی رۆژئاوای کوردستان لە خراپیدا بوو و دیاردەی تیرۆر بەرانبەر نیشتمانپەروەرانی کورد سەریهەڵدابوو، تەنانەت لە پرۆگرامە کوردییەکەی رادیۆی قاهیرەشدا لەوکاتە هەرچەندە باس لە مافە زەوتکراوەکانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دا دەکرا، بەڵام لە ئاست مافەکانی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان دا بێدەنگ بوو، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا سوریا بەشێک بوو لە کۆماری یەکگرتووی عەرەب (نەبەز، ٢٠٠٨، ل١٣-١٤)، هەر لەو ماوەیەدا حکومەتی سوریا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کوردی لە سوپا دەرکرد وخوێندکارانی کوردیشی بێبەشکرد لە کۆلێجەکانی ئەفسەریی و سەربازیی (دێشنەر، 1999، ل ١٧٨-١٧٩)، هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نکوڵیکردن لە بوونی گەلی کورد لە سوریادا (میراني، ٢٠٠٤، ص١٤٢).

سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵاتیش (ئێران)، ئەوا ئەم رۆژنامەیە زۆر بایەخی پێداوە، ئەویش لە بەر ئەوەی لەوکاتەدا شای ئێران دژی حکومەتەکەی قاسم بووە و لە زۆربەی هەوڵە هەرێمی ونێونەتەوەییەکانی دژ بە بلۆکی سۆسیالیستی و شۆڕشی چواردەی تەمموز بەشدار بووە، هەروەها حکومەتی ئێران پشتیوان و هاندەری زۆربەی ئەو دەرەبەگە کوردانە بوو کە بەرهەڵستکاری حکومەتەکەی قاسم بوون و بەشێکیان هانایان بردبووە بەر ئەوێ و لەوێوە چالاکی وجموجۆڵی سەربازییان لە دژی کۆماری عێراق ئەنجام دەدا. بە تایبەت شێخ و دەرەبەگەکان کە لە تەوەرەی پێشودا ئاماژەمان پێدان. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە کوردە بەرهەڵستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرسامی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و دەستکەوتەکانی بوون وەک لە نامەکانیاندا دەردەکەوێت، بەشێک لە کوردانی ئەم بەشەدا وەک فریاد رەس و بەڕێزەوە لەو شۆڕشەیان دەڕوانی، هەربۆیە لەم رۆژنامەیەدا چەندین بابەت دەربارەی خەبات و ژیانی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، بۆ نمونە لە ژمارە (11) دا ئەو دوو نامەیەی بڵاوکردۆتەوە

کە لەلایەن کوردانی ڕۆژهەڵاتەوە لە دەرەوەی وڵات بۆ حیزبی شیوعی نێردرابوون وتیایدا ستایشی کارەکانی ئەو حیزبەو حکومەتەکەی قاسم کراون(ئازادی، ژ١١، ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٩). لە ژمارەی دواتریشدا بە هەمان شێوە ئەو نامەیەی بڵاوکردۆتەوە کە کوردانی ڕۆژهەڵات لە سۆڤیەت بۆ عەبدولکەریم قاسمیان ناردبوو و تیایدا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە ساڵیادی شۆڕشەکە، هاوکات ستایشی رۆڵی ئەویان کردبوو لە شۆڕشدا، هەروەها ستایشی هەنگاوەکانی شۆڕش وحکومەتەکەیان کردبوو، سەبارەت بەو مافانەی بەکوردی دابوو(ئازادی، ژ١٢، ٣ی ئابی ١٩٥٩).

لە لایەکی دیکەشەوە لە ژمارە (31) یدا، ئەم ڕۆژنامەیە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی (کوردستانی ئێران نابێتە بنکەی دەست درێژی بۆ سەر جومهوریەتە نەبەزەکەمان)، پوختەی باسەکەش ئەوەیە کە شای ئێران چۆتە ئوردن و لەگەڵ شای ئەو وڵاتەدا پیلانێکیان دژی حکومەتەکەی قاسم داڕشتووە و دەیانەوێت کوردستانی ئێران بکەنە بنکەی جێبەجێکردنی ئەو پیلانە، هەر بۆیە ڕۆژنامەکە دەڵێت : کوردستانی ئێران نابێتە بنکەیەك لە دژی عێراق (ئازادی، ژ٣١، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩)

جگە لەم باس وخواسە هاوکات (ئازادی) گرنگی بە خەبات و ژیانی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان داوە و هەوڵیداوە بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەم بوارەدا کوردی ڕۆژهەلات لە دژی حکومەتی ئێران هان بدات، لەم ڕووەشەوە لە ژمارە(37)یدا ریپۆرتاجێکی (دەربارەی هێرشی فاشستیانە بۆ سەر تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران) بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا وردەکاریی هێرشی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ سەر کورد لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس دەکات(ئازادی، ژ٣٧، ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩). لە دوو ژمارەی دواتریشدا بابەتێک بە ناونیشانی (مەغزای هێرش بردنە سەر خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ئێران) بڵاودەکاتەوە و دەیبەستێتەوە بەو ململانێیەی کە ئیستیعماری نێودەوڵەتی لە ڕێگەیەوە دەیەوێت گورز لەکۆمارەکەی عێراق بوەشێنێت، هەروەها پێیوایە بەشێکە لە هەوڵی ئیستیعمار بۆ لاوازکردنی خەباتی گەلانی ئێران و لە ناویشیاندا کورد، بە تایبەتیش پیلانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و ئێران (ئازادی، ژ٣٩، 2ی کانونی یەکەمی ١٩٥٩).

لەلایەکی دیکەیشەوە (ئازادی) بابەتێکی دیکەی لەسەر هاوکارییەکانی حکومەتی ئێران بۆ بەرهەڵستکارانی حکومەتی عێراقی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (هێرشی حکومەتی ئێران و دەسدرێژی نۆکەرەکانی لە کوردستانی عێراق)، کە تیایدا ئەوە دەخاتەڕوو کە بە پێی هەواڵ ونامەی پەیامنێرەکانیان جموجۆڵ و بگرە دەستدرێژی دەرەبەگەکانی نزیک سنوری ڕۆژهەڵاتی وڵات زیادی کردوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە دەزگا سیخوڕییەکانی ئەودیو سنورەوە هەیە لە ناوچەکانی خانەقین وهەڵەبجە و چوارتا و قەڵادزێ و رانیە، ئەو دەرەبەگانەی هەڵاتوون بۆ ئێران، لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە پشتیوانی دارایی و چەک دەکرێن و هان دەدرێن بۆ ئەم کارانە(ئازادی، ژ٤٨، ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩).

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا و دوای گەڕان و بەدواداچوون سەبارەت بە خەباتی نەتەوەی کورد لە دیدگای ژمارەکانی ساڵی 1959 ی ڕۆژنامەی ئازادی دا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، لەوانە : لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەموزی 1958 و دامەزراندنی سیستەمی کۆماریی، بۆ یەکەمجار مۆڵەت بە حیزبی شیوعی عێراق درا ڕۆژنامەی ئاشکرا دەربکات ئەوە بوو لە 1 ی ئایاری 1959 دا یەکەمین ژمارەی (ئازادی)وەك زمانحاڵی لقی کوردی ئەو حیزبە دەرکرا. هەروەها بەو ئەنجامە گەیشتین کە خەباتی نەتەوەیی کورد بەشێك بووە لەو لایەنانەی کە ئەم ڕۆژنامەیە بایەخی پێداوە و لەم ڕووەشەوە تێڕوانینی خۆی لەسەر ئەو بزووتنەوەیە دەربڕیوە کە ئەویش لە سۆنگەی تێڕوانینی حیزبی شیوعییەوە بووە کە لەو کاتەدا دانیان بەم جووڵانەوەیە دا ناوە و کوردیان وەك نەتەوەیەك ناساندووە و دانیان بە خەباتەکەشیدا ناوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێیانوابوو کە بە پێی هەلومەرجەکە دەبێت لە چوارچێوەی خەباتی ئەو گەلانەدا بێت کەکوردی بە سەردا دابەش کراوە. هاوکات بەوەش گەیشتین سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕۆژنامەیە دانی بە ڕەوایەتی خەباتی نەتەوەیی کورددا ناوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هاوکات بابەتی دەربارەی مێژوو و دۆخی ئەم خەباتە لە تەواوی کوردستان نووسیوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە دیدگایەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجییەوە دەستی بۆ ئەم پرسانە بردووە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی وبۆچوونەکانی بلۆکی سۆسیالیستییەوە ئەم کارەی کردووە. هاوکات لە باسی خەباتی نەتەوەیی باشوری کوردستان دا، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا حیزبی شیوعی زۆر لە عەبدولکەریم قاسمەوە نزیك بووە وخۆی بە خاوەنی شۆڕش و کۆمارەکە زانیوە، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە مامەڵەی لە گەڵ خەباتی نەتەوەیی کورد دا کردووە، هانی کوردی داوە بۆ برایەتی لە گەڵ عەرەب وپاراستنی یەکپارچەیی و یەکڕیزی عێراق و پاراستنی کۆماری نوێ، کە زۆر جار وا هەست دەکرێت ڕۆژنامەکە زمانحاڵی حکومەت بووبێت.

**پەراوێزەکان**

(1) مەلا شەریف سالی 1925 لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، یەكێك بووە لەو دەگمەنانەی كورد كە لە گەڵ سكرتێری حیزبی شیوعی عێراق (فەهد)دا دانیشتووە، لە كاتی خۆیدا فەهد گوتبووی : ئیمە ئەگەر مەلا شەریفمان هەبێ، دەتوانین ئۆرگانی حیزبی شیوعی بە زمانی كوردیش دەر بكەین. سالی 1976یش كۆچی دوایی كردووە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو كەسایەتییە بڕوانە : (ساڵح، 2012، ل ل 241-300).

(2) سەبارەت بە ناوی ئازادی كوردستان، ئەوا سەعید ناكام كە خۆی یەكێك بووە لە نووسەرانی و هەروەها ڕێكخەری پیتەكانی ئەو ڕۆژنامەیە و هەڵبژێری بووە، سەرەرای ئەوانەش ماڵەكەی ئەو شوێنی چاپكردنی ڕۆژنامەكە بووە، ئاماژە بەوە دەكات كە لەسەر پێشنیارو پێداگیری توندی ئەو، ناوی (ئازادی) بۆتە (ئازادی كوردستان) بڕوانە: (ناكام، 2003، ل 90)، كەچی هەندێك سەرچاوە دەڵێت لە ژێر كاریگەری جەمال حەیدەری دا ناوی ڕۆژنامەكە گۆڕاوە. بڕوانە(عەلی، 2016، ل117).

(3) لە ڕاستیدا ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لە ژێر كاریگەری جەمال حەیدەریدا نووسراوە بڕوانە:(عەلی، 2016، ل85) .

(4) بۆ زانیاری دەربارەی بەشداربوونی كوردو كەمە نەتەوایەتییەكان لە كۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دا بڕوانە: (هاوار، 2000، ل ل 462-466).

(5) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:(سەردەشتی، 2003، ل 232).

(6) سەبارەت بە شۆڕشی 1920 لە ناوچە عەرەبیەكانی عیراقدا بڕوانە: (احمد، 1987، ص ص 46 – 56 ؛ وێلسن، 2012،ل ل 97 -161).

(7) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاپەرینی ئەو ناوچانەی كوردستان دژی ئینگلیز بڕوانە:(صابر، 2001، ص ص 201-205).

(8) جێی ئاماژە پێدانە دوای شۆڕشی 14ی تەمموز، لە 6ی تشرینی یەكەمی 1958 دا مستەفا بارزانی لە نێو ئاپۆرەی جەماوەر و پێشوازی فەرمی دا گەڕایەوە بەغدا. پاشان هەڤاڵانیشی لە 16ی نیسانی 1959 دا گەیشتنەوە بەندەری بەسرە و لە لایەن جەماوەرەوە پێشوازی كران، لە 17ی نیسانیشدا گەیشتنەوە كەركوك و هەر ئەو ڕۆژەش بە دوو شەمەندەفەر گەیشتنەوە هەولێر(بڕوانە: مام خول، 2013، ل 79-80).

## سەرچاوەكان

**یەكەم : كتێبەكان**

**ا / بە زمانی كوردی :**


1. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی كوردی 1938-1958(ڕۆژنامەوانیی نهێنی)، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم، (سلێمانی، 2004).
2. خەزنەدار، جەمال، ئینسكلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی كوردی 1898-2010، بەرگی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، 2011).
3. دێشنەر، گوینتەر، كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، وەرگێڕانی : حەمەكەریم عارف، چاپی دووەم، چابخانەی وەزارەتی ڕوشنبیری، (هەولێر، 1999).
4. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، بەشێك لە یاداشتەكانم، بەرگی یەكەم، دەزگای حەمدی، (سلێمانی، 2006).
5. سەردەشتی، د. یاسین، كوردستانی ئێران لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورد (1939-1979)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی، 2003).
6. عەلی، جەعفەر، ناسیۆنالیزم وناسیۆنالیزمی كوردی، (سلێمانی، 2004).
7. فەهد، تەواوی نوسینەكانی هاوڕێ، لە بەڵگەنامەكانی حیزبی شیوعی عێراق، بەرگی یەكەم، وەرگێڕانی: جەلال دەباغ، (بێ شوێنی چاپ، 2001).
8. مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، مستەفا بارزانی ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەكاندا 1958-1970، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، 2013).
9. ناكام، سەعید، بیرەوەریەكانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، 2003).
10. نەبەز، جەمال، ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی كورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران دا، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠٠٨).
11. هاوار، م. ڕەسوڵ، كوردو باكوری كوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهانی، بەرگی یەكەم هەتا كۆتایی شەڕی یەكەم، چاپخانەی خاك، (سلێمانی، 2000).
12. وێلسن، سێر ئارنۆلد، شۆڕشەكەی عێراق لە ماوەی داگیركاری بەریتانیا بۆ عێراق و كوردستان، وەرگێڕانی : سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هولێر، 2012).


**ب / بە زمانی عەرەبی :**


1. ادامسن و فتح الله، دیڤید و جرجیس، الحرب الكردیة و انشقاق 1964، الطبعة الثانیة، مطبعة وزارة التربیة، (اربیل، 1999)
2. أشریان، ش.ج.، الحركة الوطنیة الدیموقراطیة في كردستان العراق 1960- ١٩٦٨، ترجمة: ولاتو، (بیروت، ١٩٧٨).
3. بادي، میڤان عارف عبدالرحمن، الحركة التحرریة في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، مطبعة وزارة التربیة، (اربیل، ٢٠٠٥).
4. البارزاني، مسعود، البارزاني و الحركة التحرریة الكردیة، الجزء الثالث، ثورة أیلول (1961-1975)، مطبعة وزارة التربیة، (أربیل، 2002).
5. البارزاني، مسعود، البارزاني و الحركة التحرریة، الكرد و الثورة ١٤ تموز ١٩٥٨- ١١ ایلول ١٩٦١، الجزء الثاني، (كوردستان، ١٩٨٦).
6. بطي، فائق، صحافة تموز وتطور العراق السیاسي، مطبعة الادیب البغدادیة، (بغداد، 1970).
7. البوتاني، د.عبدالفتاح علي، موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الكوردیة ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خاني، (دهوك، ٢٠٠٧).
8. جباري، جبار محمد، تاریخ الصحافة الكردیة في العراق، مدیریة ثقافة الكردیة، (بغداد، 1975).
9. الحاج، عزیز، القضیة الكردیة في العراق التاریخ والآفاق، (بیروت، ١٩٩٤).
10. حمد، الدكتور كمال مظهر، صفحات من تاریخ العراق المعاصر(دراسات تحلیلیة)، مطابع دارالشوؤن الثقافة العامة، (بغداد، 1987).
11. حمیدي، جعفر عباس، التطورات و الإتجاهات السیاسیة الداخلیة في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٠).
12. الخرسان، صلاح، صفحات من تاریخ العراق السیاسي الحدیث (الحركات الماركسیة)، 1920-1990، مؤسسة المعارف للمطبوعات، (بیروت، 2001).

13. دان، اوريل، العراق في عهد قاسم ١٩٥٨-١٩٦٣ تاريخ السياسي، ترجمة: جرجيس فتح الله (محامي)، (السويد، ١٩٨٩).
14. صابر، سروه اسعد، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الي نهاية مشكلة الموصل 1914-1926 دراسة تاريخية سياسية وثائقية، مطبعة وزارة التربية، (اربيل، 2001).
15. صالح، سعدى، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقي 1944-1972، مطبعة هيظي، (اربيل، 2008).
16. طالباني، جلال، كردستان و الحركة القومية الكردية، الطبعة الثانية، دار الطليعة للطباعة و النشر، (بيروت، ١٩٧١).
17. عبدالرضا، ماجد، المسألة الكردية في العراق الى 1961، مطبعة دار الجاحظ، (بغداد، 1970).
18. عمر، الدكتور شيركو فتح الله، الحزب الديموقراطي اكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق 1946-1975، مطبعة رون، (السليمانية، 2004).
19. فتح الله، جرجيس، العراق في عهد قاسم (اراء و خواطر) 1958-1988، الجزء الثاني، دار نبز للطباعة والنشر، (السويد، 1989).
20. كريم، حبيب محمد، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني (في محطات رئيسية)1946-1993، مطبعة خەبات، (دهوك، 1998)
21. ميراني، علي صالح، الحركة القومية الكردية في كردستان سوريا ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة وزارة التربية، (اربيل، ٢٠٠٤).

**دووەم : ڕۆژنامەکان**

**ا / بە زمانی کوردی :**

1. ئازادی، ژ(1)،1ی ئایاری 1959
2. ئازادی،ژ2، ١٠ی ئایاری ١٩٥٩
3. ئازادی،ژ٣، ١٧ی ئایاری ١٩٥٩
4. ئازادی،ژ٤، ٢٤ی ئایاری ١٩٥٩
5. ئازادی،ژ٥،٣١ی ئایاری ١٩٥٩
6. ئازادی،ژ٦، ٧ی حوزەیرانی ١٩٥٩
7. ئازادی،ژ٧، ١٤ ی حوزەیرانی ١٩٥٩
8. ئازادی،ژ٨، ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩
9. ئازادی،ژ٩، ٥ی تەمموزی ١٩٥٩
10. ئازادی،ژ١٠، ١٢ی تەمموزی ١٩٥٩
11. ئازادی،ژ١١، ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٩
12. ئازادی،ژ١٢، ٣ی ئابی ١٩٥٩
13. ئازادی،ژ٢٠، 14ی تشرینی یەکەمی 1959
14. ئازادی،ژ٢٥، 30ی تشرینی یەکەمی 1959
15. ئازادی،ژ27، 3ی تشرینی دووەمی١٩٥٩
16. ئازادی،ژ٣٠، 10ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩
17. ئازادی،ژ٣١، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩
18. ئازادی،ژ39، 2ي كانوني یەکەمی ١٩٥٩
19. ئازادی،ژ42، 9 ي كانوني یەکەمی ١٩٥٩
20. ئازادی،ژ٤٨، 23 ی کانونی یەکەمی 1959
21. بیری نوێ، ژمارە (304)، 8ی ئەیلولی-1978
22. ڕێگای کوردستان، ژمارە (501)، 6ی ئایاری 2002
23. ڕێگای کوردستان، ژمارە (502)، 13ی ئایاری 2002
24. ڕێگای کوردستان، ژمارە (503)، 20ی ئایاری 2002

**ب / بە زمانی عەرەبی :**

1. خەبات / النضال، العدد 339، 19 تشرين الاول، 1960
2. الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية، العدد ٢، ٢٨ تموز ١٩٥٨
3. الوقائع العراقية ، الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية ، العدد 44 ، 30 ايلول 1958

**سێیەم : گۆڤارەکان**

1. دەباغ، جەلال، چاوگێرانێك بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی كوردی حیزبی شیوعیدا، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤارێكی وەرزییە، سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەری دەكات)،ژمارە(2) ئابی 2000.
2. زەنگەنە، عەبدوڵڵا، دادگایی كردنی خەبات یەكەمین ڕۆژنامەی سیاسی كوردی، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤارێكی وەرزییە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەری دەكات)، ژمارە(2) هەولێر، ئابی 2000.

3. زەنگەنە، عەبدوڵڵا، دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی کوردی، رۆژنامەڤانی (گۆڤارێکی وەرزییە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژمارە(3)، کۆتایی کانونی یەکەمی، 2000.
4. زەنگەنە، عەبدوڵڵا، دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی کوردی، رۆژنامەڤانی (گۆڤارێکی وەرزییە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژمارە(4)، 22ی نیسانی 2001.
5. ساڵح، ئازاد عوبێد، دیسان – ئازادی - ، رۆژنامەنووس (گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە کەلتوری رۆژنامەنوسی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژمارە (4)، 2005.
6. ساڵح، ئازاد عوبێد، ژیان و تێکۆشانی مەلا محمد شەریف عوسمانی رەنگە ڕێژانی 1925-1976 توێژینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (22)، 2012.
7. ساڵح، ئازاد عوبێد، ئەوا خاوانەکەشی گەواهی دا، رۆژنامەنووس (گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە کەلتوری رۆژنامەنوسی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژمارە (14)، 2008.
8. (مەلا حەسەن)، فەتاح تۆفیق، رۆڵی رۆژنامەی (ئازادی) لە رۆژنامەوانیی کوردیدا، رۆژنامەنووس (گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە کەلتوری رۆژنامەنوسی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژمارە (3)، 2005.

**چوارەم : نامە زانکۆییەکان**

1. عەلی، بارزان محەمەد، جەمال حەیدەری (1926 -1962) رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین / هەولێر، 2016.


## نضال القومية الكوردية من منظور جريدة(آزادي)1959


**ملخص**

بعد انتصار ثورة 18 تموز سنة 1958 حصل الفرع الكردي للحزب الشيوعي العراقي لأول مرة على إجازة إصدار جريدة (آزادي) بشكل علني مصدرا العدد الاول للجريدة في اول من آيار لسنة 1959، وقد إستمرت حتى نهاية 1961.

في تلك الفترة نشرت جريدة ازادي مواضيع عديدة حول النضال القومي وكذلك حول الحياة الاقتصادية والسياسية والاجتماعية للشعب الكردي. وقد اعلن الحزب الشيوعي العراقي من خلال الصفحات المتنوعة للأعداد الصادرة للجريدة مواقفه حول المسألة الكردية مبيناً و محللاً تاريخ النضال و الكفاح القومي للكرد من اجل الوصول إلى الحرية و التمتع بالحقوق القومية.

يتكون هذا البحث من خمسة مباحث. تناول المبحث الاول الحديث عن بداية جريدة (آزادي)، وإصدارها ومسيرة تطورها المبحث الثاني المعنون ب(كفاح الشعب الكردي القومي من منظور جريدة آزادي)، فقد تحدث عن مواقف الجريدة حول الكفاح القومي للكرد. وقد تطرق المبحث الثالث المعنون ب(تاريخ الكفاح القومي للكرد من رؤية جريدة آزادي)، الى مواقف الجريدة حول تاريخ الحركة القومية الكردية و الى المواضيع التي نشرتها الجريدة بهذا الصدد. وتناول المبحث الرابع المعنون ب(موقف جريدة ازادي إزاء النضال القومي للكرد خلال سنة 1959) الحديث عن رأي الجريدة حول الاوضاع النضالية القومية للكرد انذاك والاحزاب التي كانت موجودة على الساحة السياسية. أما المبحث الخامس و الأخير فقد خصص للحديث عن منظور جريدة (آزادي) حول النضال القومي للشعب الكردي في بقية أجزاء كردستان.


## The Kurdish nationality straggles in newspaper's perspective (Azadi) in 1959


**Faraydoon Abdulrahim Abdullah**
Collage of Basic Education Department of Social Sciences / Salahaddin University-Erbil

**Saman Hussein Ahamad**
Collage of Basic Education Department of Social Sciences / University of Sulaimani



**Abstract**

Following the success of July 14th, 1958 revolution، the Kurdish branch of the Iraqi communist party for the first time obtained the license to issue Azady newspaper in public. Thus، the first issue of the newspaper was published on its May 1959 and continued until the end of 1961.

In that period, Azady newspaper published many topics on economic, political and social life of the Kurdish nation. Hence the Iraqi communist party, through the various pages of (Azady), declared its attitude about the Kurdish case showing and explaining in detail the struggle of the Kurdish nation for its the freedom and having its national rights.

This study consists of five sections. The first section titled (A commencement to introduce Azady newspaper) talks about development of the newspaper.

The second section titled (the national struggle history of Kurd from azady's perspective) talks about the national struggle of the Kurds in the newspaper's attitude.

However, the third section entitled (the national struggle of the Kurds from the vision of Azady newspaper) is about the history of Kurdish newspaper has published.

National Revolution and the published topics about the above-mentioned issue. The fourth section: (the outlook of azady newspaper on the Kurdish national struggle in 1959) talks about its opinion about the national struggle circumstances of the Kurds in that time and their relations to the Iraqi government and the parties that existed on the Iraqi political situation.

Finally, the fifth section is dedicated to this newspapers vision on the Kurdish national struggle in the other parts of Kurdistan.